# پەیوەندی ژنانی کورد بەوێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی
## ( تویژینەوەیەکی وەسفیە )


د. ڕێبەر گۆران مستەفا　　　　　م.ی. پاڤێ جەمیل

مامۆستای ڕادیۆ وتەلەفزیۆن　　　　　مامۆستای یاریدەدەری ڕۆژنامە

زانکۆی سلێمانی – سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان – بەشی ڕاگەیاندن


**پێشەکی:**

پاش سەرهەڵدانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وزانستی وئابوری وسیاسی وڕۆشنبیری، ئەم تۆڕە بۆتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی، بەجۆرێك ڕێژەی بەکارهێنەران لەسەرتاسەری جیهان لەئێستادا لەسەرروو یەك ملیار بەکارهێنەرە، کەزانیاری وبابەتی هەمەلایەنە بەشێوەی نوسین وفۆتۆ وڤیدیۆ تێدا بلاّودەکەنەوە، کەلێرەدا تویژەران لەنێو بابەتە بلاّوکراوەکانی سەر ئەم تۆڕە وێنەیان دیاریکردوە، لەبەر ئەوەی بەشداربوان بەبەردەوامی وێنەی جۆراوجۆری کەسی وگشتی تێدا بلاّودەکەنەوە، کەبەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو ئەو وێنانەدا لەئێستادا باوترین وێنەی بلاّوکراوە وێنەی سێڵفیە کەکاریگەرترین جۆری وێنەیە بۆ دەربڕینی مەبەستی کەسی بەشدار لەوێنە یان ئەو کەسانەی کەپێکەوە وێنەیەکیان لەکات وشوێنێکی دیاریکراودا گرتوە، بەتایبەتی مۆبایلی زیرەك بۆتە هاندەرێکی زۆر بەهێزی وێنەگران بۆ گرتنی وێنەی سێڵفی وبلاّوکردنەوەی لەسەر ئەم تۆڕانە، هەر بۆیە تویژەران لەم تویژینەوەیەدا هەوڵ دەدەن بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی تویژێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردی ئەویش ژنانە، کەتویژینەوەی نوێ هەوڵ دەدات؛ بۆ دەرخستنی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنان وبلاّوکردنەوەی ئەو وێنانە لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

**- چوارچێوەی میتۆدی تویژینەوە -**

**کێشەی تویژینەوە:**

ژنانی کورد لەهەرێمی کوردستان-عیراق وەك بەشێکی زیندوی کۆمەڵ بەکارهێنەری تەنکۆلۆجیای نوێن، کەلەنێویاندا تویژەران تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتیان هەڵبژاردوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی ژنان لەگرتنی وێنەی سێڵفی لەڕێی کامێرا ومۆبایلی زیرەك بەتایبەتی، هەروەها بلاّوکردنەوەی خودی ئەو وێنانە لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە، بۆیە بۆ دیاریکردنی کێشەی تویژینەوە تویژەران پرسیارێکی سەرەکی دەکەن: ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان ژنانی کورد لەبلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی؟ ئەم پرسیارەش دەکەین بەچەند پرسیارێکی لاوەکیەوە کەئەمانەن:

١ ئایا ژنانی کورد وێنەی سێڵفی دەگرن؟

٢ ئاستی گرنگیدانی سامپڵی تۆژینەوە چەندە بەگرتنی وێنەی سێڵفی؟

٣ کامانەن لایەنە ئەرێنی ونەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی؟

٤ ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی چەندە لای ژنانی کورد؟

٥ هۆکاری بلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی چیە لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لای سامپڵی توێژینەوە؟

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، هەروەها شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندی سامپڵی توێژینەوە بەوێنەی سێڵفی وبلاّوکردنەوەیان لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١ زانینی ڕێژەی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنانی کورد.

٢ زانینی ئاستی گرنگیدانی سامپڵی تۆژینەوە بەگرتنی وێنەی سێڵفی.

٣ خستنەڕوی لایەنە ئەرێنی ونەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنانی کورد.

٤ شیکردنەوەی ئاست وقەبارەی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لای سامپڵی توێژینەوە.

٥ هەڵێنجان وگەیشتن بەهۆکارە سەرەکیەکانی بلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لای ژنانی کورد.

**جۆری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفیە، بەمەبەستی زانینی پەیوەندی ژنانی کورد بەوێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

**میتۆدی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە پشت بەمیتۆدی روپێوکاری دەبەستێت بۆ سامپڵێك لەژنی کورد لەپارێزگای سلێمانی.

**کۆمەڵگای توێژینەوە:**

ژنانی کورد لەپارێزگای سلێمانی نمایشی کۆمەڵی توێژینەوەکە دەکەن.

**سامپڵی توێژینەوە:**

سامپڵی هەڕەمەکی توێژ دەست نیشانکراوە لەلایەن توێژەران بۆ سامپڵێك لەژنانی کورد لەپارێزگای سلێمانی کەژمارەیان (١٥٠) ژنە.

**ئامرازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەویەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پرسیارەکانی توێژینەوە وشیکردنەوەی وەسفی بۆ خودی داتاکان کەنمایشی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوە دەکەن.

**ڕاستی توێژینەوە:**

توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەتی کردوە بۆ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، بەو پێیەی پاش گەلاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری میدیا وکۆمەڵناسی بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی، کەپاش تۆمارکردنی تێبینیەکان هاوکێشەی ڕاستی دەرەکی=برگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠، کەواتە ڕاستی دەرەکی=٧٥/٨٤×١٠٠=٨٩٪، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی توێژینەوە.

## جێگیری توێژینەوە:

توێژینەوەکە پشتی بەجێگیری ناوخۆیی بەستوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (١)**

**جێگیری توێژینەوە**

| بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی | ٣ | ٠.٩٣٩ |
| ئاستی گرنگیدان بەگرتنی وێنەی سێڵفی لە نمایشکردنی خود | ٤ | ٠.٩٨٣ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە لەنێوان (٠.٩٣٩ – ٠.٩٨٣) دایە کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

## توێژینەوەکانی ڕابوردوو:

١. تایلۆر م. ویکیل ٢٠١٥، **(نێرجسی وتۆڕە کۆمەلأیەتیەکان: کاری گرتنی وێنەی سێڵفی)** [1]، ئامانج لەم توێژینەوەیە سەرنجدانە لەکاری گرتنی وێنەی سێڵفی وبلاوکردنەوەی لەسەر تۆڕە کۆمەلأیەتیەکان دەکات کەتا چەند هۆکارە بۆ زیادکردنی ڕەوشتی نێرجسی وئەنانیەت، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕوپێو بۆ (٩٣) خوێندکار لەڕەگەزی مێ سەر بەرێکخراوە یۆنانیەکانی ژنانی کەمپی زانکۆی ئیلۆن لەباشوری ویلایەتی کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئیمەیڵ، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە (٥٥٪) سامپڵی توێژینەوە کۆکن لەسەر ئەوەی کەبلاوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕە کۆمەلأیەتیەکان هانی نێرجسی وڕەوشتی ئەنانیەت دەدات.

٢. جاسلینە وئەوانی تر ٢٠١٥، **(بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن گەنجانی زانۆ: توێژینەوە دەربارەی وێنەی سێڵفی وکاریگەریەکانی)** [2]، ئامانج لەم توێژینەوەیە کاریگەری وێنەی سێڵفیە لەسەر گەنجانی زانکۆ، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕوپێو بۆ (١٨٧) خوێندکار بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئیمەیڵ وگۆڕاوەکانی ئەرێنی ونەرێنی بۆ پێوانەکردنی کاریگەری، توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە کاریگەری ئەرێنی ونەرێنی لەگرتنی وێنەی سێڵفی لای

(1) Taylor M. Wickel. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 6, No. 1, Spring 2015), pp: 5-10.

(2) Jaslina bt. Mohd Tajuddin1, Nor Azlili bt. Hassan & Rahilah bt. Ahmad. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 13, No. 1, Spring 2015), pp: 5-10.

**هەردوو ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە هەیە، تێگەیشتنیان دەربارەی بینین ومتمانە زیاد دەکات وبەهەدەردانی کات هەیە لەداڕشتنی وێنەی سێڵفی پێش بڵاوبونەوەی لەسەر سۆشیال میدیا.**

**٣. سورەیا مەهدیزادە ٢٠١٠، (نەوەی دوەمی نمایشی خود: نێرجسی وڕێزگرتنی خود لەسەر تۆڕی فەیسبوک)** [٣]، **ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی نارۆشنی ، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ بابەتە نمایشکراوە خودیەکانی تایبەت بە (١٠٠) بەکارهێنەری زانکۆی نیویۆرك لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کەپەیوەندی بەرزی نێرجسی ونزمی لەمتمانە بەخود لەنێوان تاکەکانی سامپڵ وابەستەیە بەزۆری چالاکی لەسەر ئینتەرنێت وناوەڕۆکە نمایشکراوە خودیەکان، هەروەها جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی بەکارهێنەراندا هەیە لەکاریگەری جۆری ناوەڕۆکە نمایشکراوە خودیەکان.**

## پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە:

**١. ژنانی کورد: توێژێکی گرنگی کۆمەڵی کوردین، کەکارلێکی تەواو لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەکەن بەشێوەیەکی بەردەوام لەبوارە کۆمەڵایەتی وئابوری وسیاسی وڕۆشنبیریەکاندا، بەتایبەت میدیای تەفاعولی کەتوێژەران درك بەبەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەکەن لەلایەن تاکەکانی ئەم توێژە گرنگە، بۆیە سامپڵێکیان بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی لێوەرگرتوە بۆ گەیشتن بەپرسیار وئامانجەکانی توێژینەوە.**

**٢. وێنەی سێڵفی: بریتیە لەگرتنی وێنەی خود بەشێوەی هەڕەمەکی بۆ تۆمارکردنی ئامادەبون لەشوێنێکی دیاریکراو، یان لەگەڵ کەسانی دیاریکراو، یان دەربڕینی بارێکی دەرونی دیاریکراو بەبەکارهێنانی کامێرای دیجیتاڵی ئامێری مۆبایلی زیرەك، بۆ بینین وبڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی.**

**٣. تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی: ئەو تۆڕەیە کەلەگەڵ نەوەی دوەمی ئینتەرێتدا وەك بەشێك لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سەری هەڵدا، کەتاك وکۆمەڵ، دەزگا حکومی وناحکومیەکان، دەتوانن لەڕێگەی کردنەوەی لاپەڕەی فەرمی وسود وەرگرتن لەچەند خزمەتگوزاریەکی دی، زانیاری وبابەتی جۆراوجۆر بڵاوبکەنەوە وبتوانن لایك وکۆمینت وشەیری تێکست وفۆتۆ وڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی هاوڕێیانیان بکەن.**

## – چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە –

## یەکەم: وێنەی سێڵفی:

**- کورتەیەك دەربارەی سەرهەڵدان و مانای وێنە:**

**کەدەڕوانینە سەرەتای دروستبوونی نووسینی سەرەتایی وسەرەتای دەستپێکردنی وزانینی وگەشەسەندنی لەجیهاندا، بۆ نمونە: (نوسینی میسری کۆن) دەبینین بەتەواوی پێکهاتووە لەهێمای وێنەیی کەبەکارهاتووە**

---

([3]) Soraya Mehdizadeh. **(Self-Presentation 2.0: Narcissism and Self-Esteem on Facebook)**, (**Published** Online: Cyberpsychology, Behavior, and Social Networking, Vol. 6, Issue 4 August 16, 2010).

**لەگواستنەوە وگەیاندنی پەیامەکاندا، کەهەریەکێك لەو نوسینە وێنەییانە ئاماژەیە بۆ بیروڕایەك کەهاوشێوەی پیتی ئەبجەدی ئێستایە کەبەکاردێت لەگەیاندنی دەربڕینەکاندا [٤].**

**لەئێستادا وێنە دەربڕی بیرو ڕاکانە وەك خۆی وبەزۆرترین متمانە وڕاستیەوە، کەڕێخۆشکەرە بۆ وەرگر لەتێگەیشتنی ناوەڕۆکی بابەتەکە کەزۆر بەئاسانی بەجۆرێك ئەو دەربڕینانە ئاسان دەکات کەلەڕێگەی نوسینەوە و وشەوە کەزۆرجار گوزارشتێکی پڕاوپڕی نیە، هەروەها لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهیچ جۆرێك دابڕان لەگەڵ وێنەدا ناکرێت، بەشێوەیەك ئەم سەردەمە بەسەردەمی وێنە دادەنرێت وڕۆشنبیری خەڵك وسەرقاڵیان وایلێکردون کاتێکی کەمیان بەدەستەوەبێت بۆ خوێندنەوە، هەروەها دودڵی و وردبوونەوەی زۆریان وایلێکردون باوەڕیان بۆ بابەتەکان کەم بێتەوە، هەر بۆیە باشترین ڕێگا بۆ تێربونیان بەزانیاریەکان لەڕێگەی وێنەوە فەراهەم دەکرێت بەگەورەترین کاریگەریەوە [٥].**

**بەهۆی گرنگی وبایەخ پێدانیەوە وێنە بۆتە هۆکاری نووسینەوەی مێژوو بەبیرهێنانەوەی یادگاریەکان بۆ کۆمەڵگاو لەداهاتووشدا بۆ نەوەکانی داهاتوو، کەخاوەنی ئامڕاز وزمانێکی جیهانیە لەگەیاندنی زانیاریەکاندا، بەجۆرێك کەهەموو کەس لێی تێبگات بەجیاوازی زمان وڕۆشنبیری وتێگەیشتنیان [٦].**

**بۆیە لەسادەترین خستنەڕوودا پێناسەی وێنە دەکرێت کەبریتیە لەدیمەنێك کەگیراوە لەڕێگەی ئامێرێکی وێنەگرتنەوە، ئەم گرتەیە دیمەنی کەسێکە یان سروشتێکە یاخود کۆمەڵێك شتی ئاسایی ونائاساییە کەپەیوەندی بە مرۆڤ وژیانی ودەوروبەریەوە هەیە [٧].**

**لەپێناسەیەکی تردا بۆ وێنە دەوترێت؛ دەربڕی زمانێکی بینراوە کەدەتوانرێت لەڕێگەیەوە تۆماری ڕاستی ڕوداوەکان بکات بەجۆرێك لە ناوەوە ودەرەوە کەناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت [٨].**

**لێرەوە دەڕوانینە ئەرکێکی گرنگی وێنە کەئەرکی سایکۆلۆجیە لەسەر مرۆڤ، چونکە وێنە لەتوانایدایە بیر فراوانتر بکات بەجۆرێك کاریگەری هەبێت لەسەر هەستی بینین، کەزیاتر لەنەستی مرۆڤدا دەمێنێتەوە وکاردەکاتە سەر زهنی وکاریگەری لە ناخیدا دروست دەکات، بۆیە هەستی بینین کاریگەرترین هەستە لەمرۆڤدا بەرامبەر بە هەستەکانی دی، چونکە مرۆڤەکان بەهەستی بینین زیاتر بابەتەکان دەناسنەوە بەجۆرێك کەدەبێژرێت کەسەکان گوێی بۆ دەگرن و وشەکان دەگۆڕێن بۆ (Image)، لەبەرئەوەی کاتێك کەدەخوێندرێتەوە دەگۆڕێت بۆ وێنە، واتە پەیامەکان لەمێشکی مرۆڤدا دەگۆڕێت بۆ وێنەی زەینی ولەڕێگەی بینینەوە تێگەیشتنی ئاسان دەبێت بەجۆرێك کەبتوانرێت بنوسرێت [٩].**

**بۆ نمونە دار ئەو وشەیەیە کەلەزەینی مرۆڤدا وێنەی داری لادروست دەکات، بەجۆرێك کەخودی مرۆڤ لەزەینیدا وێنەی دار پیشان دەداتەوە بۆ لێتێگەیشتن وزانینی.**

(4) Arnold Edmun, **(link on paper)**, (New York: New York Haper, Row Publishers,1963), p154.
(5) Hichs Wilson, **(Words and Pictures)**, (New York: New York Harper, 1995), p67.

(٦) شيرين درويش اللبان، **(الألوان في الصحافة المصرية)**، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ١٩٩٦)، ص١٦١.

(٧) شاكر عبدالحميد، **(الصورة؛ الايجابيات والسلبيات)**، (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، مجلة عالم المعرفة، العدد٣١١، يناير ٢٠٠٥)، ص٢٣.

(٨) روبرت جيلام سكوت، **(أسس التصميم)**، ترجمة: عبد الباقي محمد ومحمد محمد يوسف، (القاهرة: دار نهضة مصر للطبع والنشر، ١٩٨٠)، ص٧.

(٩) محمود علم الدين، **(الصورة الفوتوغرافية في مجالات الاعلام)**، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١)، ص٣٤.

**- مانای وێنەی سێڵفی (selfie) یان وێنەی کەسی:**

**بریتیە لەوێنەی کەسێك کەلەلایەن خۆیەوە گیراوە بەهۆی ئامێری وێنەگرتنەوە (کامێرا)، جا کامێرا بە هەموو جۆرەکانیەوە بەتایبەت لەئێستادا لەڕێگەی کامێرای مۆبایلی زیرەك (دیجیتالی)، پاشان بڵاوکردنەوەی وێنەکان لەسەر تۆڕە کۆمەلایەتیەکان وەك (فەیس بوك و تویتەر وئینستگرام ودیکە)، بەمەبەستی تۆمارکردنی یادگاریەکان، یاخود دانانی لەناو پرۆفایلی تایبەت بۆ ناسینەوە، یاخود بۆ دەرخستنی ئامادەبونی لەشوێن وکاتێکی دیاریکراو وبۆ مەبەستی تایبەت لەگەڵ دەرخستنی چەند کەسانێکی تایبەت، یان بۆ دەرخستنی بارێکی دەرونی دیاریکراو، کەزۆر جار ئەم وێنەیە دەرخستنی بارێکی ناڕەسمیە، لەڕێگەی گرتنی کامێراکەی بەدەستی خۆی [10].**

**- مێژوی وێنەی سێڵفی وگۆچانی سێڵفی:**

**لەساڵی (١٩٢٦) وێنەیەکی ڕەش وسپی گیراوە لەلایەن دوو هاوسەری بەریتانی لەڕێگەی بەکارهێنانی دارێك هاوشێوەی داری سێڵفی کەوێنەکەی پێگیراوە، هەروەها وێنەیەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی (Hoggs) کەلەلایەن کورەزاکەیانەوە (ئالان کلیفر) لەکمبریا لەئینگلترا، دۆزراوەتەوە کەخاوەنی وێنەکە پیانۆژەن بووە لەفلیمی بێدەنگدا.**

**لەکاتێکدا زۆرێك پێیان وایە ئەم داهێنانە نوێیە، بەپێچەوانەی ئەوانەی کەدەڵێن گۆچانی سێڵفی داهێنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٦).**

**لەئێستادا گۆچانی سێڵفی کەپێکهاتووە لە شێوەدارێك کەبەپێکهاتەی جیاواز دروستکراوە بەجۆرێك کامێراکەی لەسەر جێگر دەکرێت ولەتوانایدا هەیە گەورە وبچوك بکرێتەوە ورێژەیەکی زۆر لەخەڵك ومەودایەکی فراوان لەچواردەور وباکگراوەندی دەورووبەر بەپانتایی و قوڵی مەیدانی جیاواز بەپێی ویستی کەسەکان دەربخات وبەرز ونزم بکرێتەوە بەهەر جۆرێك کەوێنەگرەکە بیەوێت پەیامەکەی بگەیەنێت [11].**

**هەر بۆیە دەبینین گۆچانی سێڵفی زۆر بەخێرایی بڵاوبۆتەوە لەسەرتاسەری جیهاندا کەبووە بەپێویستییەك بۆ هەموو ئارەزوومەندانی گرتنی وێنەی سێڵفی، کەلەئێستادا ئەم گۆچانە ئەلکترۆنیە ولەڕێگەی بلوتوسەوە دەگەیەنرێت بەکامێراکە ولەڕێگەیەوە وێنەکە لەدوورەوە دەگیرێت.**

**لەنۆڤمبەری (٢٠١٤)دا گۆڤاری تایم بڵاویکردەوە کەگۆچانی سێڵفی دانراوە بەگەورەترین داهێنان بۆ هەمان ساڵ کەبیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسیا، کەلەئێستادا هەوادارێکی زۆری هەیە لەچین وکۆریای باکور [12].**

**سێڵفی بەئینگلیزی (selfie) یان وێنەی تایبەتی کەسی یان وێنەیەك کەلەلایەن خودەوە گیرابێت، کەلەئێستادا وێنەی بەکۆمەڵیش دەگیرێت وبەدەرکەوتنی وێنەگرەکە خۆی وبینینی کەسەکان خۆیان لەڕێگەی شاشەی کامێراکە پێش وێنە گرتنەکە.**

**دیاردەی وێنەی سێڵفی دەگەڕیتەوە بۆ دەرکەوتن وبڵاوبوونەوە وگەشەسەندنی تەکنەلۆجیا وبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی وبەرەو پێشچون وگەشەسەندنی مۆبایلی زیرەك بەجۆرێك کە هەموو کەسێك دەتوانێت بەدەستیەوە بێت وبەکاری بهێنێت وهەڵگرتنی ئاسانە وبۆ هەر جێگایەك بچێت لەگەڵی بێت ولەهەر**

---

([10]) موقع: ویکیبیدیا/الموسوعة الحرة، **(سیلفي)**، (سیلفي/https://ar.wikipedia.org/wiki)، (تاریخ دخول الموقع: ٢٦-٧-٢٠١٥).

([11]) موقع: ویکیبیدیا/الموسوعة الحرة، **مصدر سابق**، (تاریخ دخول الموقع: ١-٧-٢٠١٥).

([12]) موقع: شباب، (http//vb.shbab5.com/t354753)، (تاریخ دخول الموقع: ١-٧-٢٠١٥).

حاڵەتێکدا بیەوێت وێنەی پێبگرێت وزانیاریەکان لەهەمان کاتدا بگوازێتەوە وبلاوی بکاتەوە، بۆیە بلاوبوونەوە وسەرهەڵدانی بەشێوەیەکی فراوان وڕێکخراو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ( ١٩) وسەرەتای سەدەی (٢٠ )، بەهۆی کامێرای براونی، بەجۆرێك وێنەگران ئەوانەی ئەیانویست وێنەی تایبەتی خۆیان بگرن دەیانتوانی وێنەی خۆیان ببیننەوە پێش وێنەگرتنیان بەهۆکاری هەلگەڕانەوەی پشاندەری یاخود شاشە سکرینی کامێراکەیان، کەپێشتر لەکامێراکانی تردا بەم جۆرە نەبوو، کامێرای براونی ئەو خاسیەتەی کەتیایدابوو ئەوەبوو وێنەگر لەتوانایدابوو هەموو وێنەکە ببینێتەوە کەئەم پێشکەوتنی کامێرایە وگواستنەوەی کامێرا بۆ مۆبایلی دەستی ئەم کارەی زیاتر بەرەو پێشەوە برد ولەگەشەسەندندایە کە هاوشانە بەگەشەسەندنی تەکنەلۆجیا وئامێرە ئەلکترۆنیەکان [١٣].

بەلام بەکارهێنانی ووشەی (selfie )دەگەڕێتەوە بۆ سالی( ٢٠٠٢) لەسەر تۆری ئەلکترۆنی ئوسترالی لە (ABC online) باسی لێوەکرا پێش ئەوەی بەم شێوازە بەرفراوانە بێت، سالی (٢٠١٢) ئەم چەمکە بلاو بۆوە و زۆر بە بەرفراوانی بە جیهاندا ،لە دوای وێنەی سێلفی ناسراو کەلەلایەن (ئەلین دی جینیرس) لە ئاهەنگی بەخشینی خەلاتی ئۆسکاری (٨٦) لەگەڵ ناودارترین ئەستێرەکانی هۆلیود گرتوویەتی پاشان بەبەکارهێنانی ئەم جۆری ستایلی وێنەگرتنە لەلایەن هونەرمەندەکانی هۆلیودەوە زیاتر ناسراو بلاوبۆوە، پاشان دووبارەکردنەوە و لاسایی کردنەوەی لەلایەن هەواداران وسیاسەت مەدار و پاشانیش بۆ خەلکی ئاسایی بەتایبەت گەنجان [١٤].

**- وێنەی سێلفی و کاریگەریەکانی:**

- **گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا وبلاوبوونەوە وفراوانی بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانی کۆمەلگاوە، کاریگەریەکی گەورەی دروستکردوە لەسەر تاك، چ لەهەڵسوکەوت وپەیوەندیەکانی لەناو خێزان ودەوروبەری، چ لەشێوازی بیرکردنەوە وئاستی ڕۆشنبیری وتانانەت هەڵسوکەوت وعاداتی ڕۆژانەی، هەر بۆیە بۆتە جێی بایەخی توێژەران ولەهەوڵی دەرخستنی کاریگەری وڕێگا چارەکانی ڕێگاگرتنی بەسلبی شکاندنەوەی ئەم حاڵەتەن، لەئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کەئەکادیمیای ئەمریکی بۆ جوانکردنی سیمای دەم و چاوی کەسەکان کراوە لەڕێگەی نەشتەرگەری وچاککردن وڕێکخستن، لەسەر (٢٧٠٠) کەس، دەرکەوتووە یەك کەس لە سێ کەس بۆ حەزکردنیان بۆ چاککردن وڕێکخستنەوەی سیمایان بەهۆی بلاوکردنەوەی وێنەکانیان بووە لەتۆڕە کۆمەلایەتیەکانیاندا، ئەم ڕێژەیەش زیادیکردوە بە (١٠٪) بۆ نەشتەرگەری لوت لەنێوان سالانی (٢٠١٢) و(٢٠١٣)، هەروەها (٧٪) بۆ چاندنەوەی موی سەر و (٦٪) بۆ نەشتەرگەری چرچی دەم وچاو [١٥].**
- **یەکێکی دی لەکاریگەریەکانی پەیوەست بوونە بەتەکنەلۆجیا بەتایبەت وێنەگرتنی سێلفی کەکاریگەری دەروونی لێکەوتۆتەوە، کەلەدیارترینی بلاوبونەوەی باری (نێرجسی) کەحاڵەتێکی دەرونی مەترسیدار دەبێت لەگەڵ زیاتر بەرەو پێشچوونی، کەخۆی لەحەزکردن لەخودی خۆی بەشێوازە جیاکانیەوە، پابەند بوون بەخۆی**

---

([13]) website: oxford dictionaries, **(selfie)**, (http://www.oxford dictionaries.com/definition/English/selfie), acces to the website: (26-7-2015).

([٤]) موقع: روداو، (http://rudaw.net /Arabic/culture)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٥-٢٠١٥).

([٥]) موقع: البيان، **(جراحات التجميل في عصر سيلفي)**، (http://www.albayan.ae/five-senses/last-page/2014-11-30-1.2255887)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

**وتێڕامانی زۆر وپەیوەست بوون بەخودی خۆی وخۆ لەهەموو کەس پێباشتربوون، بەپێچەوانەکەی بوونی بێ متمانەیی بەخۆی وخۆ بەدڵ نەبون ودروست بونی حاڵەتی نائارامی دەرونی، دابڕان لەگەڵ خود وکۆمەڵگاش.**

- **لەتوێژینەوەیەکی تردا کەئەکادیمیای ئەمریکی بۆ حاڵەتی دەرونی (APA) کردوویەتی، ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی زۆر بەربلاوبووە بەتایبەت لای چینی گەنجان، کەئاماژە بەئالودەبوون وحاڵەتی نائارامی دورونی دەدرێت، کەبەردەوام لەزیادبووندایە، بەتایبەت لای ئەو کەسانەی کەچالاکن لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وفەیس بووك بەتایبەت کەدیاردەی (وێنەگرتنی سێڵفی) زیاترە تێیدا وبەدرێژایی کات خەریکی ئەم جۆرە وێنەگرتنەن لەهەموو حاڵەت وکات وجوڵەکانیاندا، کەزیاترە لە (٦) وێنە بەلایەنی کەمەوە لەڕۆژێکدا بەبەردەوامی، کەئەمەش جۆرێکە لەحاڵەتی نێرجسی، ئاماژەشی بەوەداوە کەئەم ڕێژەی ئالودەبوونە لە (١٧٪) لەپیاواندایە و(١٠٪) لەنێو ژناندا [١٦].**
- **سایتی (Yahoo) دەری خستوە کەلەساڵی (٢٠١٤) بەنزیکی (٨٨٠) ملیار وێنە گیراوە وبلاوکراوەتەوە، کەهەر نەفەرێك لەسەر گۆی زەوی (١٢٣) وێنەی بەردەکەوێت، ئەم ڕێژەیەش ڕوو لەزیادبوونە.**
- **یەکێکی دی لەکاریگەریەکانی وێنەی سێڵفی ڕوبەڕوبونەوەی کەسەکانە بەڕودا وکارەسات، لەدیارترینی ئەو ڕوداوانە، لەئیتالیا لەکاتی وێنە گرتنی سێڵفی یەکێك لەخوێندکارەکان کەسەردانی مۆزەخانەیەکی کۆنی ئەو وڵاتەی کردبوو لەلای پەیکەرێکی ئیغریقی کەمێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەها ساڵ، بوە هۆی شکاندنی قاچی پەیکەرەکە بەبێ مەبەست، کەلەشاری (میلانۆ) دۆزرابۆوە لەقەلایەکی سانانجیلۆ (٤٠٠) ساڵ بەر لەئیستا.**
- **کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە وچەندەها ڕوداوی هاتوچۆ وکەوتنە خوارەوە لەشوێنە بەرزەکاندا، لەدەستدانی چەندەها کەس لەکاتی گرتنی وێنەکاندا.**
- **یەکێکی تر لە کاریگەریەکان لێکەوتنەوەی کێشەی خێزانی، بەهەموو جۆرەکانیەوە، هەر لەجیابونەوەی خێزانەکان وبونی شەڕ ودەمە بۆڵە ودروستبونی دودڵی وبێ متمانەیی، لێکتێنەگەیشتن ولێدان وکوشتن، کەلەئەنجامی خراپ بەکارهێنان وبلاوبونەوەی وێنەکان وزیاتر کات تەرخانکردن بۆ ئەو لایەنە وئالودەبوون.**
- **یەکێکی تر کەزۆر کاریگەری لێکەوتەوە گۆڕانکاری لەئاداب وتەقالیدی کۆمەڵگا وهەڵسوکەوت، بۆ نمونە وێنەگرتنی سێڵفی بوو لەناو کەعبەی شەریف بە بەرگی حەج، کەزۆرێك بە توندی دژی ئەم جۆرە وێنەگرتنە بوونەوە ولۆگۆیەکی تایبەت بەنەگرتنی وێنەی سێڵفی بۆ ئەم مەبەستە دروستکرا.**
- **ناساندن وشوهرە پەیداکردنی چەندها کەس بەهۆی وێنەی سێڵفی، کەلەبنەڕەتدا نەناسراو بون وبەهۆی گرتنی وێنەیەکی سێڵفی ناسران، پاش بلاو بونەوەی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، وەك ئەو باوکەی کەدانیشتووی ولایەتی ئەوریغن لەباکوری ڕۆژهەلاتی ئەمریکا ناسرا بەهۆی وێنەکەیەوە کەلاسایی مناڵە تازەبوەکەی دەکاتەوە، کەبینەرێکی زۆری هەبوو.**
- **خانمێکی نەرویجی بەناوی (کارۆلین بێرگ) لەڕێگەی وێنەیەکی خۆی دوای (٤) ڕۆژ لەمناڵبونی وێنەی ڕێکی مەعیدە وسکی پشاندا کەوەك جارانی لێهاتۆتەوە وزۆر تەخت وڕێکە، کەئەمە کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە.**

---

(١٦) موقع: راديو سوا، **(الصور المتلقطة ذاتياً: هل تنم عن نرجسية؟)**، (http://www.radiosawa.com/content/selfies-narcissistic-selfish-popular/240178.html)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

- بەشێوەیەکی دیار وێنەی سێڵفی بڵاوبۆتەوە لای هەموو کەس لەم سەردەمەدا، بەتایبەت کەسایەتیە ناسراوەکان، سەرۆکەکان، لەناودار ترین سەرۆکەکان کە زۆر ئەم جۆرە وێنەیە بەکار ئەهێنن (باراك ئۆباما)ی سەرۆکی ئەمریکایە.
- بۆ وێنە وێنەکەی سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆباما) وسەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (دیفید کامیرۆن) لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی دانیمارك (Helle Thoring Schemidt) لەمەراسیمی خەلاٰتکردنی (نیلسون ماندیلا) لەباشوری ئەفریقا، لەدیارترین ئەو وێنانەیە، هەروەها وێنەی (پاپا فرانسیس) لەگەڵ کۆمەڵێك گەنج لەڤاتیکان.
- بڵاوبونەوەی ئەم وێنەیە لەلایەن ئەمیرەکانی کەنداوی عەرەبی، کەزۆرترین بەکار هێنەرین، وەك وێنەکەی مەلیکی سعودیە لەتەمەنی (٩٠)ساڵیدا [١٧].

- **وێنەی سێڵفی لەکوردستاندا:**

وێنەی سێڵفی لەکوردستانی عیراق وەك ناوچەکانی دیکەی جیهان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی وکرانەوە بەڕوی جیهانگیری وپێشکەوتنی بازار وزیادبونی پێداویستی خەڵك، هەروەها بۆ بەرەو پێشچون هاوشانی گۆڕانکاری ودیاردە دیارەکانی نێو ژیان وژیار، چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم وێنانە دەگرن وگرنگی پێ دەدەن، بەتایبەت لەلایەن چینی گەنجان، کەبێگومان ژنان لەگرتنی ئەم جۆرە وێنەیەن وبڵاوی دەکەنەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

- **چۆنیەتی گرتنی وێنەی سێڵفی بەشێوەیەکی دروست:**

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جوان وێنەی سێڵفی دەربچێت دەبێت بەشێوەیەکی ڕاست وێنەکە بگیرێت بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت [١٨]:

١ بەدەستهێنانی گۆشەیەکی گونجاو ودروست: چەند جارێك گۆشەکە بگۆڕدرێت وتاقی بکرێتەوە تاوەکو گۆشەیەکی گونجاو دەست دەکەوێت لەبری گرتنی وێنەکە بەگۆشەیەکی ڕێك بەرێکی ڕوی کەسەکە لەگەڵ کامێراکەدا، کەبەلای ڕاست یان چەپی سەردا وبەرزتر لەسەرو دور لەکامێراکە بگیرێت تاوەکو چاو گەورەتر بێت ولوت بچوکتر دەربچێت.

٢ دەرخستنی شتی نویَ: بۆ دەرخستنی بابەتە نوێیەکان دەبێت زیاتر فۆکەس بخرێتە سەر ئەو بابەتەی کەدەتەوێت زیاتر ڕون بێت وگەورەتر دەرکەوێت.

٣ دوورکەوتنەوە لەنمایشی درامی: وێنەی سێڵفی گوزارشتە لەدەرخستنی سروشتی کەسەکان.

٤ بوونی ڕوناکی گونجاو: فۆتۆگراف، واتە نووسین بەڕوناکی، بۆیە زۆر گرنگە ڕوناکی گونجاو هەبێت لەدەرخستنی دیمەنەکاندا.

٥ گرنگی بە قوڵی مەیدان وباکگراوەندی وێنەکە.

٦ وێنەی سێڵفی مەرج نیە تەنها بۆ یەك کەس بێت: لە ئێستادا وێنەگرتنی بەکۆمەڵ گرنگی زۆری پێدەدرێت، بۆیە لێرەدا گرنگ ئەوەیە وێنەگر وهەموو ئەندامانی گروپەکە بەدەردەکەون لەوێنەکەدا.

---

([١٧]) موقع: ثقف نفسك، (الصورة الذاتية)، (http//www.thaqafnafsak.com)، (تاريخ دخول الموقع: ٨-٧-٢٠١٤).

([١٨]) موقع: RT العربية، (التقاط الصورة الذاتية)، (http://arabic.rt.com/search/?q= التقاط+الصور+الذاتية&type=)، (تاريخ دخول الموقع: ٢-٧-٢٠١٥).

## دووەم: تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:

**- پێناسەی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:**

ئەو تۆڕەیە کەلەلایەن کەس وکۆمەڵ وڕێکخراوە حکومی وناحکومی ودەزگا سیاسی وئابوری وڕۆشنبیری ودیکەوە بەکاردێت، کەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچون وبلاوکردنەوەی زانیاری وهەواڵ ووێنە وپارچە ڤیدیۆیەکان بەمەبەستی گەیشتن بەهەڵوێستێکی دیاریکراو دەربارەی دۆخێکی هاوبەشی گرنگی پێدراو، هەروەها نمایشی نوێترین وگرنگترین بابەتە گشتی وکەسیەکان بکات [19].

**- مێژوی سەرهەڵدانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:**

تۆڕی (Class Mates) یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتیە کەساڵی (١٩٩٥) لەلایەن (ڕاندی کۆنرادس) دامەزرا بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وبەکارهێنانی لەناوەندی ئەکادیمیدا، پاشان تۆڕی (Six Degrees) ساڵی (١٩٩٧) لەلایەن (ئەندرۆ وایەنریتش) دامەزرا، دواتر تۆڕی (Cy world) ساڵی (١٩٩٩) لەلایەن کۆمپانیای ( Sky Telecom) دامەزرا، هەروەها تۆڕی (Lunarstorm) ساڵی (٢٠٠٠) لەلایەن (ڕیکارد ئەلیکسۆن) دامەزرا، پاشان تۆڕی (Ryze) ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن (ئەدریان سکۆرت) دامەزرا، دواتر (Friendster) ساڵی (٢٠٠٢) لەلایەن (جۆناسان ئەبرامس) دامەزرا، هەروەها تۆڕی (My space) ساڵی(٢٠٠٣) لەلایەن (براد گرینسپان) دامەزرا، پاشان تۆڕی (facebook) ساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن (مارگ زوکربێرگ) دامەزرا، دواتر تۆڕی (Twitter) ساڵی (٢٠٠٦) لەلایەن (جاك دۆرسی) دامەزرا [20].

**- لایەنە باشەکانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی [21]:**

١. پێکەوەبەستنی ژمارەیەکی زۆری تاك وکۆمەڵ لەبابەتی هاوبەش وهاوهەڵوێست وهاوبەرژەوەندیدا.

٢.بلاوکردنەوەی زانیاری وهەواڵ وبابەتی جۆراوجۆری نوسین ووێنە وڤیدیۆ.

٣.دروستکردنی سەکۆ بۆ گفتوگۆ وخستنەڕوی بیر وڕا وپێشەکەشکردنی سەرنج وتێبینیەکان.

٤.کۆکردنەوەی زانیاری وشارەزایی دروستکردن لەچوارچێوەی بابەت وگفتوگۆکاندا.

٥.گەیشتن بەهاوڕۆی ودۆست وخزم وکەسانی نوێ وەك هاوڕێ لەهەر شوێن وجێگەیەك بێت.

**- لایەنە خراپەکانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی [22]:**

١. بەهەدەردانی کات لەلایەن بەشێك لەبەکارهێنەرانی.

٢.گۆڕانکاری لەڕەوشت وهەوڵسوکەوتی بەکارهێنەراندا دەکات.

٣.لەدەست دانی تایبەتمەندی کەسێتی بەکارهێنەر.

---

([19]) Igarashi, T., Takai, J., & Yoshida, T. **(Gender differences in social network development via mobile phone text messages: A longitudinal study)**, Journal of Social and Personal Relationships, 22(5), 2005, pp:691-713.

([20]) Cindy Royal. (**User-Generated Content: How Social Networking Translates to Social Capital**), 2008, Association for Education in Journalism and Mass Communication Annual Convention, pdf online, available at: <http://www.allacademic.com/meta/p271193_index. html> access to the website on 27-02-2011.

([21]) Flavin marketing. (**Social Networking Exposed)**, 2009, pdf online, available at: <http://mark flavinblog.com/reports/SocialNetworkingExposed.pdf>. access to the website on 10-5-2011.

([22]) Axel Bruns, Mark Bahnisch, **(Social Media: Tools for User-Generated Content)**, 2009, pdf online, available at: <http://www.smartservicescrc.com.au/PDF/Social Media State of the Art March 2009. pdf>.access to the website on 10-5-2011.

**٤.زیانی تەندروستی لێدەکەوێتەوە لەزۆر بەکارهێنانی بەهۆی دانیشتنی زۆر یان سەیرکردنی زۆرەوە.**

**٥.توشی دابڕانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەرانی دەکات.**

**- خزمەتگوزاریەکانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی [٢٣]:**

**١. کردنەوەی لاپەڕەی فەرمی.**

**٢. هاوڕێ وپەیوەندی دروستکردن.**

**٣. ناردنی نامە.**

**٤. کردنەوەی ئەلبومی وێنە.**

**٥. گروپەکان.**

**٦. پەڕەکان.**

**٧. بانگەشە وڕیکلام.**

**٨. یاری ودیاری.**

**- بوارەکانی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی [٢٤]:**

**١. لەنێو کۆمپانیاکان.**

**٢.لەنێوەندە ئەکادیمیەکان.**

**٣.لەلایەن مامۆستایان وخموێندکاران وەك ئامرازێکی پەیوەندی.**

**٤.بۆ کۆبونەوە وجولاندنی شەقام وڕێکخستنی میللی.**

**٥.لەلایەن کتێبخانەکانەوە.**

**٦.ڕاهێنان وکارکردن.**

**- پەیوەندی ژنان بەوێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:**

**بەهۆی فەراهەمی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت وئاسانی وزۆری ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، ئەم تۆڕە وەك میدیایەکی گرنگ وپڕبایەخ لەلایەن چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی ژنان وەك بەشێکی گرنگ لەکۆمەڵ لەسەرتاسەری جیهان بەگشتی وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بەڕێژەیەکی باش ئەم تۆڕە بەکاردێنن [٢٥]، کەجگە لەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری کەئەم تۆڕە بەبەکارهێنەرانی دەبەخشێت، وێنەی سێڵفی وەك بابەتێکی بڵاوکراوە لەسەر ئەم تۆڕانە بەدەرکەوتون، کەلێرەدا توێژەران تیشك دەخەنە سەر ژنانی کورد لەهەرێمی کوردستان کەلەڕێی ئامێری تەلەفۆنی زیرەك وپاشان سود**

---

([23]) Lin, K., & Lu, H. **(Why people use social networking sites: An empirical study integrating network externalities and motivation theory)**, Computers in Human Behavior, 27(3), 2011, 1152-1161. doi:10.1016/j.chb.2010.12.009.

([24]) Arabie, Phipps, and Yoram Wind. **(Marketing and Social networks)**, In Stanley Wasserman and Joseph Galaskiewicz, Advances in Social Network Analysis: Research in the Social and Behavioral Sciences. Thousand Oaks, Calif.: Sage Publications, 1994, pp. 254–273.

([25]) تکایە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- موقع مبادرة الاصلاح العربي، **(المرأة العربية ومواقع التواصل الاجتماعي)**، (http://arab-reform.net/spip.php?article 3312)، تاريخ دخول الموقع: (٢٥-٥-٢٠١١م).
- رشا مرتضى وفادي سالم، **(الإعلام الاجتماعي العربي)**، (دبي: كلية دبي للإدارة الحكومية، تقارير من إنتاج برنامج الحكومة والابتكار، ٢٠١١م)، ص (٩-٢٨).

وەرگرتن لەم تۆڕە دەتوانن وێنەگیراوە سێڵفیەکانیان بلاٌوبکەنەوە کەبەشێوەیەکی گشتی لەم مەبەستانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

١. دەرخستنی کەسێتی ونمایشی جەستە وکاریگەری نێرجسی خۆشەویستی خود (Narcissism) یان خۆپەرستی.

٢. فەزای کۆمەڵایەتی داخراو ودیدارە تایبەتەکان.

٣. دروستکردنی بنەمای کەسێتی لەفەزای ئیفترازیدا.

٤. گرتنی وێنەی سێڵفی بۆ لەبیرخۆبردنەوە وهەستان بەکارێکی دیکە ودورکەوتنەوەیە لەفشارە دەرونیەکان.

٥. چاودێریکردنی کۆمێنتی هاوڕێیان لەکاتی بلاٌوکردنەوەی وێنەی سێڵفیدا.

هەر بۆیە لەتوێژینەوەیەکی نوێدا کەلەبریتانیا بۆ تازە پێگەیشتوان لەتەمەنی نێوان (١٨-٢٤) کراوە ساڵی (٢٠٠٥) لە(٥١٪) لەڕابوردودا وێنەی سێڵفیان گرتوە و(٤١٪) لەناوەڕاستی (٢٠١٣) دەستیان کردوە بەگرتنی وێنەی سێڵفی بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە [٢٦]، بەپێی ئەو توێژینەوانەی کەلەڕابوردودا کراون یەکێك لەسیفەتە کەسیەکان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وێنە لەسەر ئەم تۆڕە نێرجسی یان ئەنانیەتە کەوێنەی جۆراو جۆر وسەرنج ڕاکێش بلاٌودەکەنەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر بەتایبەت لەو کاتەی کەسانێك لەپەیوەندیکردن لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا هەوڵی جولاٌندنی حەزی سێکسی بەرانبەرەکەیان دەدەن کەبەدیاردەی قەرەبوکردنەوەی دیاریکراو ناودەبرێت [٢٧]، کەلەدوارجاردا ئەم وێنانە دەبنە پانتاییەکی فراوان لەڕیکلام بۆ ئەم تۆڕە کەوەك کالاٌیەك لەلایەن جەماوەرەوە هەڵسوکەوتیان لەبارەوە دەکرێت [٢٨]، هەر بۆیە چالاکی گرتنی وێنەی سێڵفی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی لەوانە: (کارێکی نوێیە کەتاکەکان هەوڵ دەدەن پێی هەستن، هەروەها گەیشتن بەو تازەگەریە کەبێگومان بەردەوام بون لەگەڵیدا مەبەستدارە، تەکنۆلۆجیای تازە وبەکارهێنانی نوێ وادەکات زۆرترین بەهاو گرنگی زیاتری پێ بدرێت[٢٩].

[26] (**Half of the UK Has Joined the Selfie Craze Creating Over 35 Million Selfies a Month**). (2013, August). Retrieved from http://finance.yahoo.com/news/half-uk-joined-selfie-craze-073200500.html.

[27] DeWall, C. N., Buffardi, L. E., Bonser, I., & Campbell, W. K. **(Narcissism and implicit attention seeking: Evidence from linguistic analyses of social networking and online presentation)**, Personality and Individual Differences, 51(1), 2011, pp:57–62. doi:10.1016/j.paid.2011.03.011.

[28] Jones, A. **(The 'Eternal Return': Self-Portrait Photography and as a Technology of Embodiment),** Journal of Women in Culture and Society, 27 (4), 2002, pp:947-978.

[29] Forest, A. L., & Wood, J. V. **(When social networking is not working: Individuals with low self-esteem recognize but do not reap the benefits of self-disclosure on facebook)**, Psychological Science, 23(3), 2012, pp:295-302. doi:10.1177/0956797611429709.

- **ئه نجامی پراكتیكی توێژینەوە –**

*** تایبه تمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە.**

خشتەی (٢)

تایبەتمەندیە دیموگرافیەکان

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| تەمەن | لە 18 ساڵ بۆ 24 ساڵ | ٢٩ | ١٩ |
| | لە 25 ساڵ بۆ 31 ساڵ | ٤٦ | ٣١ |
| | لە 32 ساڵ بۆ 38 ساڵ | ٥٧ | ٣٨ |
| | لە 39 ساڵ بەرەو ژور | ١٨ | ١٢ |
| ئاستی زانستی | بنەڕەت | ٧ | ٥ |
| | ئامادەیی | ٢٢ | ١٥ |
| | دبلۆم | ٣٥ | ٢٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٨١ | ٥٤ |
| | خوێندنی باڵا | ٥ | ٣ |
| جۆری کار | فەرمانبەر لەکەرتی گشتی | ٦١ | ٤١ |
| | فەرمانبەر لەکەرتی تایبەت | ٤٨ | ٣٢ |
| | بێکار | ١١ | ٧ |
| | کاری سەربەخۆ | ٢٤ | ١٦ |
| | خوێندکار | ٦ | ٤ |
| خەرجی مانگانە | کەمتر لە ٢٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ١٧ | ١١ |
| | لە ٢٥٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ٥٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٣٠ | ٢٠ |
| | لە ٥٠٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٦٩ | ٤٦ |
| | لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی وزیاتر | ٣٤ | ٢٣ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی ژنان بەپلەی یەك لەتەمەنی ( 32 ساڵ بۆ 38 ساڵ) وئاستی زاستی (بەکالۆریۆس) وجۆری کاری (فەرمانبەر لەکەرتی گشتی) وخەرجی مانگانەی (لە ٥٠٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی) خۆدەبینێتەوە.

*** وەڵامی سامپڵی توێژینەوە.**

خشتەی (٣)

بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٧ | ٧٨ |
| نەخێر | ٣٣ | ٢٢ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کەزۆرینەی ژنان تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن، کەئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ هەڵسوکەوتکردن وبەکارهێنان وئاگاداربونی سامپڵی توێژینەوە لەهەرە سەرەکیترین وبەربلاوترین تۆڕی کۆمەڵایەتی تەفاعولی لەسەر ئینتەرنێت.

خشتەی (٤)

بەکارنەهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئارەزوی بەکارهێنانی ناکەم | ١٢ | ٣٧ |
| بەشیاوی نازانم | ٦ | ١٨ |
| نازانم بەکاری بهێنم | ٥ | ١٥ |
| لەگەڵ کۆمەڵگاکەماندا ناگونجێت | ١٠ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٣٣ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت سامپڵ توێژینەوە بەپلەی یەك ئارەزوو نەکردن بەهۆکاری بەکارنەهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ بێ بەهایی ودورکەوتنەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراو لەژنان لەبەکارهێنانی ئەم میدیا نوێیە.

خشتەی (٥)

هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بۆ بەئاگابون لەزانیاری ورووداوەکان | ١٨ | ١٥ |
| بۆ هەواڵ پرسین وپتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیم | ٢٤ | ٢١ |
| بۆ وەڵامدانەوەی کۆمێنتی هاوڕێیانم | ٧ | ٦ |
| بۆ لایك وشێرکردنی بابەتی بلاوکراوەکان | ٣١ | ٢٦ |
| بۆ ناردن و وەڵامدانەوەی نامەکان | ٩ | ٨ |
| بۆ دەرخستنی بابەت و چالاکیەکانم | ١٥ | ١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| بۆكات بەسەر بردن وپڕكردنەوەی بوشایەكان | ١٣ | ١١ |
| كۆی گشتی | ١١٧ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەكەوێت كەژنان بەپلەی یەك بەئاگابون لەزانیاری ورِوداوەكان بەهۆكاری بەكارهێنانی تۆڕی بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی دەزانن، كەئاماژەیە بۆ گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوە لەهەر زانیاری ورِوداوێكی ناوخۆیی ودەرەكی.

خشتەی (٦)

بەكارهێنانی ڕۆژانەی تۆڕی بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی

| بڕگەكان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەكجار | ٨ | ٧ |
| دووجار | ٢٣ | ٢٠ |
| سێجار | ١٥ | ١٢ |
| چوار جار وزیاتر | ٧١ | ٦١ |
| كۆی گشتی | ١١٧ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەكەوێت كەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك چوار جار وزیاتر تۆڕی بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی بەكاردەهێنن، كەئاماژەیەكی ئەرێنیە بۆ ژنان لەبەبەئاگایی وگرنگیدان وچاودێری ئەم تۆڕە كۆمەڵایەتیە.

خشتەی (٧)

ڕێگاكانی بەكارهێنانی تۆڕی بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی

| بڕگەكان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەڕێی كۆمپیوتەری ماڵ یان كەسی | ٢١ | ١٨ |
| لەڕێی كۆمپیوتەری شوێنی خوێندن یان كاركردن | ٤ | ٣ |
| لەڕێی مۆبایلی زیرەك | ٦٢ | ٥٣ |
| لە ڕێی ئای پاد | ٣٠ | ٢٦ |
| كۆی گشتی | ١١٧ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەكەوێت كەژنان بەپلەی یەك لەڕێی مۆبایلی زیرەك تۆڕی بەیەكگەیشتنی كۆمەڵایەتی بەكاردەهێنن، كەئاماژەیەكی پۆزەتیڤی سامپڵی توێژینەوەیە لەپشت بەستن بەتەكنۆلۆژیای نوێ لەبەكارهێنانی ئەم میدیا تەفاعولیە.

خشتەی (٨)

ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| ئاستی بەکارهێنان / بڕگەکان | بەبەردەوامی | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| فەیسبوک | 64 | 43 | 41 | 39 | 12 | 12 |
| ئینستگرام | 49 | 33 | 38 | 37 | 30 | 31 |
| تویتەر | 36 | 24 | 25 | 24 | 56 | 57 |
| کۆی گشتی | 149 | 100 | 104 | 100 | 98 | 100 |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەک فەیس بوک بەکاردەهێنێت، کەئاماژەیە بۆ کاریگەری وفراوانی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە لای ژنان.

خشتەی (٩)

گرتنی وێنەی سێلفی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٤ | ٦٩ |
| نەخێر | ٤٦ | ٣١ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت کەرێژەیەکی زۆری ژنان وێنەی سێلفی دەگرن، کەئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ بەئاگابونی سامپڵی توێژینەوە لەپارێزگای سلێمانی بەرانبەر دیاردەی گرتنی وێنە بەشێوازێکی نوێ وبەسود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیای نوێ.

خشتەی (١٠)

هۆکاری نەگرتنی وێنەی سێلفی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئارەزوی ناکەم | ١٥ | ٣٢ |
| بەشیاوی نازانم | ١١ | ٢٤ |
| کێشەی لێدەکەوێتەوە | ٩ | ٢٠ |
| بۆ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت | ٧ | ١٥ |
| بۆ خۆدەرخستنە | ٤ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ٪١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەک ئارەزونەکردن بەهۆکاری نەگرتنی وێنەی سێلفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ بێ بایەخی لەگرتنی وێنەی سێلفی لەلایەن ڕێژەیەکی بەرچاو لەژنان.

خشتەی (١١)

هۆکاری گرتنی وێنەی سێڵفی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هێشتنەوەی وەك یادگاری | ٢٥ | ٢٤ |
| حەزو ئارەزوو | ٢٠ | ١٩ |
| نیشاندانی بە کەس وکار | ١٦ | ١٥ |
| ناردنی بۆ هاوڕێ | ١٤ | ١٣ |
| خستنەسەر شاشەی مۆبایل | ١١ | ١١ |
| دانانی لەسەر پەیج وخزمەتگوزاریەکانی سۆشیال میدیا | ٨ | ٨ |
| لاسایی کردنەوە | ٦ | ٦ |
| سەرسام بوون بە خود | ٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کەژنان بەپلەی یەك هێشتنەوە وەك یادگاری بەهۆکاری گرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوە بەیادەوەری وبیرهێنانەوەی ساتەخۆشەکانی ژیان لەڕێی گرتنی وێنەی سێڵفیەوە.

خشتەی (١٢)

هۆکاری گرنگیدان بەگرتنی وێنەی سێڵفی

| هۆکاری گرنگیدان / بڕگەکان | بەپلەیەکی بەرز | | بەپلەیەکی مامناوەند | | بەپلەیەکی نزم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبوەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبوەوە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبوەوە | ڕێژەی سەدی |
| • بۆ نیشاندانی جوانی ڕوخسارم | 53 | 33 | 37 | 34 | 14 | 9 |
| • بۆ نمایشکردنی جل وبەرگەکانم | 4٤ | 28 | 29 | 26 | 31 | 21 |
| • بۆ خستنەڕوی چالاکیەکانم | ٣٩ | 24 | ٢٦ | 24 | 39 | 27 |
| • گواستنەوەی واقعی ڕۆژانەم | ٢٤ | 15 | ١٧ | 16 | 63 | 43 |
| کۆی گشتی | 160 | ١٠٠ | 109 | ١٠٠ | 147 | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك نیشاندانی جوانی ڕوخسار بەئاستی گرنگیدانیان دەزانن بۆ گرتنی وێنەی سێڵفی، کەئاماژەیە بۆ سەرەکیترین کاریگەری کەلەچوارچێوەی دیاردەی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنان بەدەرکەوتوە، ئەویش کاریگەری نێرجسی یان خۆشەویستی خودە.

خشتەی (١٣)

لایەنە ئەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بۆ بەتاڵکردنەوەی دەرونم | ٣١ | ٣٠ |
| بۆ بەردەوامی پەیوەندیم لەگەڵ هاورێیان | ٢٣ | ٢٢ |
| بۆ زانینی کۆمینتی هاورێیانم | ١٨ | ١٧ |
| هەستکردن بەکەسێتیم | ١٥ | ١٤ |
| کاریگەری خۆشەویستی خود | ١٠ | ١٠ |
| بەشداری پێکردنی کەسانی جواردەورم بە هەستەکانم | ٧ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت ژنان بەپلەی یەك بەتاڵکردنەوەی دەرون بەلایەنی ئەرێنی گرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ هەستکردن بەدورکەوتنەوە لەسەرقاڵی وفشاری دەرونی لەسەر سامپڵی توێژینەوە لەکاتی گرتنی وێنەی سێڵفیدا.

خشتەی (١٤)

لایەنە نەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مەترسی هەست بە تەنهایی | ٣٧ | ٣٦ |
| لەدەستدانی کات | ٢٥ | ٢٤ |
| خوگرتنم بە گرتنی وینەی سیلفی | ١٩ | ١٨ |
| لاسایی کردنەوەی کەسانی ناسراو | ١٤ | ١٣ |
| ڕوبەڕوبونەوەی کێشەی کۆمەڵأیەتی | ٩ | ٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك مەترسی هەست بەتەنهایی بەلایەنی نەرێنی گرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ هەستکردن بەنائارامی دەرونی ژنان لەبەرانبەر دیاردەی گرتنی وێنەی سێڵفی.

خشتەی (١٥)

بلاْوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی

| برگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٨ | ٨٥ |
| نەخێر | ١٦ | ١٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت ژنان بەڕێژەیەکی زۆر وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بڵاودەکاتەوە، کەئاماژەیەکی پۆزەتیڤی درککردنی توێژەرانە لەهەڵسەوکەوتکردنی سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی ومیدیایەکان لەپارێزگای سلێمانی.

خشتەی (١٦)

هۆکاری بلاَونەکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئارەزوی ناکەم | ٦ | ٣٨ |
| بەشیاوی نازانم | ٤ | ٢٥ |
| کێشەی لێدەکەوێتەوە | ٣ | ١٩ |
| بۆ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت | ٢ | ١٢ |
| بەلاسایی کردنەوەی دەزانم | ١ | ٦ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٦) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك ئارەزونەکردن بەهۆکاری بلاَونەکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ بێ بایەخی لەگرتنی وێنەی سێڵفی وبەکارنەهێنانی خودی ئەو تۆڕانە لەلایەن ڕێژەیەکی کەم ودیاریکراو لەژنان.

خشتەی (١٧)

هۆکاری بلاَوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لاساییکردنەوە | ٢٤ | ٢٨ |
| نمایشی جەستە | ٢٢ | ٢٥ |
| خۆشەویستی خود | ١٧ | ١٩ |
| دروستکردنی بنەمای کەسێتی | ١٥ | ١٧ |
| دورکەوتنەوە لەکێشە وفشارە دەرونیەکان | ١٠ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٨٨ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٧) دەردەکەوێت کەژنان بەپلەی یەك لاساییکردنەوە بەهۆکاری بلاَوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ کاریگەری کەلتوری وژینگەی کۆمەڵایەتی لەلای سامپڵی توێژینەوە لەپارێزگای سلێمانی.

## * دەرەنجامی توێژینەوە:

١. ژنانی کورد بەڕێژەیەکی بەرچاو وێنەی سێلْفی دەگرن.
٢. سامپڵی توێژینەوە بەئاستێکی بەرز گرنگی بەگرتنی وێنەی سێلْفی.
٣. بەدەست خستنی کۆمەڵێك برگەی دیار وەك لایەنی ئەرێنی ونەرێنی گرتنی وێنەی سێلْفی لای ژنانی کورد.
٤. سامپڵی توێژینەوە بەئاستێکی بەرز وقەبارەیەکی زۆرەوە تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.
٥. خستنەڕوی هۆکار گەلێکی سەرەکی بۆ بلاْوکردنەوەی وێنەی سێلْفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لای ژنانی کورد.

## * ڕاسپاردە:

١. ناوەندە ئەکادیمیەکان گرنگی بەتۆری کۆمەڵایەتی بدەن ولەنێو پرۆگرامی خوێندن وکۆنگرە زانستیەکانیاندا.
٢. لایەنە پەیوەندیدارە فەرمیەکان لەکوردستان ڕێگەخۆشکەری بەردەوام بن لەفەراهەمکردنی خزمەتگوزاری تەکنۆلۆژی بەگشتی وئینتەرنێت بەتایبەتی، چونکە بۆتە پێداویستی ڕۆژانەی تاکەکان لەچوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان.

## * پێشنیار:

١. توێژەرانی میدیا لەداهاتودا توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ئەم وێنانە بکەن لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی وئینستگرام بەتایبەتی لەبوارە جیاکانی ژیاندا لای چین وتوێژی دیکە.
٢. دەزگا ودامەزراوە جیاجیاکان لەهەرێمی کوردستان کار بۆ هۆشیاری زیاتری کۆمەڵ بکەن لەبەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی وئاگادارکردنەوەیان لەلایەنە ئەرێنی ونەرێنی هەڵسەکەوتکردن لەگەڵ هەر کەناڵێکی نوێ ودیاردەیەکی باو کەدێتە نێو کۆمەڵ.

* **سەرچاوەکان:**

- **یەکەم: سەرچاوەی عەرەبی.**

– **توێژینەوە.**

١ رشا مرتضى وفادي سالم، **(الإعلام الاجتماعي العربي)**، (دبي: كلية دبي للإدارة الحكومية، تقارير من إنتاج برنامج الحكومة والابتكار، ٢٠١١).

٢ شاكر عبدالحميد، **(الصورة؛ الايجابيات والسلبيات)**، (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، مجلة عالم المعرفة، العدد٣١١، يناير ٢٠٠٥).

– **کتێب:**

١ روبرت جيلام سكوت، **(أسس التصميم)**، ترجمة: عبد الباقي محمد ومحمد محمد يوسف، (القاهرة: دار نهضة مصر للطبع والنشر، ١٩٨٠).

٢ شيرين درويش اللبان، **(الألوان في الصحافة المصرية)**، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ١٩٩٦).

٣ علم الدين، **(الصورة الفوتوغرافية في مجالات الاعلام)**، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١).

– **ئینتەرنێت:**

١ موقع: البيان، **(جراحات التجميل في عصر سيلفي)**، (http://www.albayan.ae/five-senses/last-page/2014-11-30-1.2255887)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

٢ موقع: ثقف نفسك، **(الصورة الذاتية)**، (http//www.thaqafnafsak.com)، (تاريخ دخول الموقع: ٨-٧-٢٠١٤).

٣ موقع: راديو سوا، **(الصور الملتقطة ذاتياً؛ هل تنم عن نرجسية؟)**، (http://www.radiosawa.com/content/selfies-narcissistic-selfish-popular/240 1178.html)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

٤ موقع: RT العربية، **(التقاط الصورة الذاتية)**، (http://arabic.rt.com/search/?q=التقاط+الصور+الذاتية&type=)، (تاريخ دخول الموقع: ٢-٧-٢٠١٥).

٥ موقع: روداو، (http://rudaw.net /Arabic/culture)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٥-٢٠١٥).

٦ موقع: شباب، (http//vb.shbab5.com/t354753)، (تاريخ دخول الموقع: ١-٧-٢٠١٥).

٧ موقع مبادرة الاصلاح العربي، **(المرأة العربية ومواقع التواصل الاجتماعي)**، (http://arab-reform.net/spip.php?article 3312)، تاريخ دخول الموقع: (٢٥-٥-٢٠١١).

٨ موقع: ويكيبيديا/الموسوعة الحرة، **(سيلفي)**، (https://ar.wikipedia.org/wiki/سيلفي)، (تاريخ دخول الموقع: ٢٦-٧-٢٠١٥).

- **دووەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

– **توێژینەوە.**

1 Arabie, Phipps, and Yoram Wind. **(Marketing and Social networks)**, In Stanley Wasserman and Joseph Galaskiewicz, Advances in Social Network

Analysis: Research in the Social and Behavioral Sciences. Thousand Oaks, Calif.: Sage Publications, 1994.

2 Axel Bruns, Mark Bahnisch, **(Social Media: Tools for User-Generated Content)**, 2009, pdf online, available at: <http://www.smartservicescrc.com.au/PDF/Social Media State of the Art March 2009. pdf>.access to the website on 10-5-2011.

3 Cindy Royal. (**User-Generated Content: How Social Networking Translates to Social Capital**), 2008, Association for Education in Journalism and Mass Communication Annual Convention, pdf online, available at: <http://www.allacademic.com/meta/p271193_index. html> access to the website on 27-02-2011.

4 DeWall, C. N., Buffardi, L. E., Bonser, I., & Campbell, W. K. **(Narcissism and implicit attention seeking: Evidence from linguistic analyses of social networking and online presentation)**, Personality and Individual Differences, 51(1), 2011, doi:10.1016/j.paid.2011.03.011.

5 Ekim, B. **(The museum of me: A visual presentation of your online social life on Facebook)**. Proceedings of Visualist 2012 International Congress on Visual Culture: New Approaches in Communication, (Turkey, 1, 2012).

6 Enli, G. S. and Thumim, N. **(Socializing and Self-Reprtesentation online: Exploring Facebook)**, Observatorio Journal, 6 (1), 2012.

7 Flavin marketing. (**Social Networking Exposed)**, 2009, pdf online, available at: <http://mark flavinblog.com/reports/SocialNetworkingExposed.pdf>. access to the website on 10-5-2011.

8 Forest, A. L., & Wood, J. V. **(When social networking is not working: Individuals with low self-esteem recognize but do not reap the benefits of self-disclosure on facebook)**, Psychological Science, 23(3), 2012, doi:10.1177/ 0956797611429709.

9 Gye, L. **(Picture This: the Impact of Mobile Camera Phones on Personal Photographic Practices)**, Continuum: Journal of Media & Cultural Studies, 21 (2), 2007.

10 Igarashi, T., Takai, J., & Yoshida, T. **(Gender differences in social network development via mobile phone text messages: A longitudinal study)**, Journal of Social and Personal Relationships, 22(5), 2005.

11 Jaslina bt. Mohd Tajuddin1, Nor Azlili bt. Hassan & Rahilah bt. Ahmad. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 13, No. 1, Spring 2015).

12 Jones, A. **(The 'Eternal Return': Self-Portrait Photography and as a Technology of Embodiment),** Journal of Women in Culture and Society, 27 (4), 2002.

13 Lin, K., & Lu, H. **(Why people use social networking sites: An empirical study integrating network externalities and motivation theory)**, Computers in Human Behavior, 27(3), 2011, doi:10.1016/j.chb.2010.12.009.

14 Savage, N. **(Sorting through photos. Communications of the ACM)**, (54 (5), 2011. doi: 10.1145/ 1941487.1941493.

15 Soraya Mehdizadeh. **(Self-Presentation 2.0: Narcissism and Self-Esteem on Facebook)**, (**Published** Online: Cyberpsychology, Behavior, and Social Networking, Vol. 6, Issue 4 August 16, 2010).

16 Taylor M. Wickel. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 6, No. 1, Spring 2015).

17 Williams, R. **(Revealed: The third largest ‘country’ in the world—Facebook hits on billion users)**, The Independent, 2012. Retrieve from http://www.independent.co.uk/life-style/gadgets-and-tech/news/revealed-the-third-largest-country-in-the-world--facebook-hits-one-billion-users-8197597.html.

18 Wu, P., O’Brien-Strain, E., Messenlehner, B., & Tretter, D. **(Photobook creation and social sharing on Facebook)**, Proceedings of the 2011 IEEE International Conference on Multimedia and Expo, Barcelona, 1–4. doi:10.1109/ICME.2011. 6012074.

- **کتێب.**

1 Arnold Edmun, **(link on paper)**, (New York: New York Haper, Row Publishers,1963).

2 Batchen, G. Snapshots, Photographies 1 (2), 2008.

3 Hichs Wilson, **(Words and Pictures)**, (New York: New York Harper, 1995).

- **ئینەتەرنێت.**

1 (**Half of the UK Has Joined the Selfie Craze Creating Over 35 Million Selfies a Month**). (2013, August). Retrieved from http://finance.yahoo.com/news/half-uk-joined-selfie-craze-073200500.html.

2 website: oxford dictionaries, **(selfie)**, (http://www.oxforddictionaries.com/definition/English/selfie), acces to the website: (26-7-2015).

## * پوختەی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندی نێوان ژنانی کورد بۆ وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕوپێوکاری بۆ سامپڵێك کەژمارەیان (١٥٠) تاکە لەژنانی کورد لەپارێزگای سلێمانی لەڕێی بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا وگەیشتن بەئەنجامی زانستی ورد پەیوەست بەپرسیارەکانی توێژینەوە. توێژینەوەکەش گەیشتوە بەکۆمەڵێك دەرەنجام گرنگترینیان: ڕێژەیەکی بەرزی ژنان تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن ووێنەی سێڵفی دەگرن، خۆپەرستی بەپلەی یەکەم دێت لەچوارچێوەی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەیە بەگرتنی وێنەی سێڵفی، زۆربەی ژنانی کورد وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بلاّودەکەنەوە، لاساییکردنەوە بەڕیزبەندی یەکەم دێت لەهۆکاری بلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر ئەو تۆڕانە.

## * ملخص الدراسة:

تهدف هذه الدراسة إلى معرفة العلاقة بين المرأة الكوردية للصورة الذاتية على مواقع التواصل الاجتماعي، وهذه الدراسة من الدراسات الوصفية التي تعتمد على منهج المسح لعينة ميدانية بلغت (١٥٠) مفردة من المرأة الكوردية في محافظة السليمانية من خلال أداة استبيان لجمع البيانات والوصول إلى نتائج علمية دقيقة تتعلق بتساؤلات الدراسة. وتوصلت الدراسة إلى عدة نتائج من أهمها: أن نسبة كبيرة من المبحوثين يستخدمون مواقع التواصل الاجتماعي ويلتقون الصورة الذاتية، والأنانية جاءت بالترتيب الاول من ضمن اهتمام المرأة الكوردية بالتقاط الصورة الذاتية، كما اكثرية المبحوثين ينشرون الصورة الذاتية على مواقع التواصل الاجتماعي، وجاءت التقليد بالترتيب الأول من حيث أسباب نشر الصورة الذاتية على تلك الشبكات.

## * ABSTACT:

This study aims to find out the relationship between the Kurdish women's self-image on the social networking sites, and this study of descriptive studies that rely on the survey for field sample approach amounted to (150) Single of Kurdish women in the province of Sulaymaniyah through a questionnaire tool for data collection and access to accurate scientific results with questions related to the study. The study found several results of the most important: that a large percentage of the respondents are using social networking sites and meet self-image, and selfishness came first in order from within the Kurdish women's interest to take self-image, as the majority of the respondents publish self-image on the social networking sites, and came tradition first order from where the reasons for the deployment of self-image on those networks.